Antidiskriminierungsstelle
des Bundes



# جیاکاری لە ئەڵمانیا

## ڕێنیشاندەرێک بۆ پەنابەران و کۆچبەرانی نوێ

This brochure is also available in English:

Diese Broschüre ist auch in deutscher Sprache erhältlich:

Bu broşür Türk dilinde olarak mevcuttur:

Cette brochure est également disponible en français:

Данная брошюра также доступна на русском языке:

هذا الكتيب متوفر أيضا باللغة العربية :

این بروشور را به زبان دری بدست آورده می توانید:

دغه بروشور د پښتو په ژبه هم ترلاسه کیدلای شي:

**www.antidiskriminierungsstelle.de/refugees**

# ناوەڕۆک

I. جیاکاری – چییە؟ 3

II. لە بواری یاسادا جیاکاری چییە؟ 4

III. لە چ دۆخێکدا جیاکاری ڕوودەدات؟ 7

**1.کار و پیشە** 7

1.1 داخوازنامەی کار و دامەزراندن 8

2.1 دەستدرێژی سێکسی لە شوێنی کار 10

**2.دەزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان** 12

**3.دکتۆر و نەخۆشخانەکان** 15

**4.کردنەوەی حیسابی بانک** 18

**5.کاتی ئازاد و کاروباری ڕۆژانە** 21

**6.دۆزینەوەی ماڵ** 24

**7.پەروەردە و قوتابخانە** 27

IV. پشتگیری و ڕاوێژ 31

# I. جیاکاری – چییە؟

جیاکاری ئەوەیە، جیاواز لە کەسانی تر مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ کەسێکدا بکرێت. بۆ نموونە هۆکارەکیش بۆ کەمئەندامبوون یان بۆ رەگەز بگەڕێتەوە. جیاکاری لە ئەڵمانیا قەدەغەیە. لەبەرئەوەی **"یاسای گشتی مامەڵەی یەکسان"** (das Allgemeine Gleichbehandlungsgesetz – AGG) هەیە. هەربۆیە جیاکاری، بە تایبەتی لە کاردا، لە دۆزینەوەی ماڵدا، لە سەردانی خواردنگەدا و لە بازاڕیکردندا قەدەغەیە.

ئەم نامیلکە ڕێنیشاندەرە زانیاریتان پێدەبەخشێت سەبارەت بە مافەکانتان و وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

- لە بواری یاسادا جیاکاری چییە؟
- چۆن دەتوانن خۆتان لە دژی جیاکاری بپارێزن؟
- لە کوێ پشتگیری بەدەست دەخەن؟

# II. لەبواری یاسادا جیاکاری چییە؟

بۆ قەدەغەبوونی جیاکاری لە ئەڵمانیا شەش هۆ هەن:

### ڕەگەزپەرستی و ناسنامەی نەتەوەیی
نابێت هیچ کەسێک بە هۆی ڕەنگی پێستەوە، بەهۆی زمانەوە یان بەهۆی ڕەگەزەوە جیاکاری لە دژ بکرێت.

### ڕەگەز
دەبێت ژنان و پیاوان بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. نابێت جیاکاری لە دژ مرۆڤی جووتڕەگەز "نێرەموک" و ڕەگەزگۆڕ بکرێت. ڕەگەزگۆڕ، ئەو مرۆڤانەن کە ڕەگەزی خۆیان دەگۆڕن و لەو ڕەگەزەدا نامێننەوە کە پێوەی لە دایک بوون. جووتڕەگەزیش ئەو کەسانەن کە، ڕوون نییە لە ڕەگەزی نێرن یان مێ.

### ئاین و دنیابینی
نابێت هیچ مرۆڤێک بە هۆی باوەڕمەندێتییەوە جیاکاری لە دژ بکرێت. هەروەها نابێت هیچ مرۆڤێکیش جیاکاری لە دژ بکرێت، بەهۆی ئەوەی کە هیچ باوەڕێکی ئاینی نییە.

### کەمئەندامێتی و نەخۆشیی بەردەوام
نابێت هیچ مرۆڤێک جیاکاری لە دژ بکرێت، بۆ نموونە، لەبەرئەوەی کورسی کەمئەندامبوون بەکاردێنێت، یان کەڕ بێت یاخود نەخۆشی شێرپەنجەی هەبێت.

### تەمەن
نابێت جیاکاری لە دژی هیچ مرۆڤێک بکرێت بە هۆی تەمەنەوە، لەبەرئەوەی "زۆر لاوە" یان "زۆر بەتەمەنە".

### ناسنامەی سێکسی
نابێت جیاکاری لە دژی هیچ مرۆڤێک بکرێت بە هۆی هاوڕەگەزبازییەوە، یان مرۆڤی "بی سێکسوێل" یاخود "هێتیرۆ سێکسوێل". بۆ نموونە ئەو ژنانەی حەز لە ژن دەکەن دەبێت هەمان مامەڵەی ئەو ژنانەیان لەگەڵ بکرێت کە حەز لە پیاو دەکەن.

**لە ئەڵمانیا هەموو مرۆڤێک لە باری یاساییەوە لە جیاکاری دەپارێزرێت** – ئەمە بێئەوەی پەیوەندی بە جۆری مافی مانەوە و نیشتەجێبوونەوە هەبێت. جیاکاری کاریگەریی لەسەر پەنابەران و کۆچبەرانی نوێیش هەیە.

# هیچ کەسێک ناچار نییە ڕووبەڕووی جیاکاری ببێتەوە! هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە خۆی بپارێزێت لە دژی جیاکاری!

## پاراستن بەرانبەر بە جیاکاری، لەکوێ؟

**"یاسای گشتی مامەڵەی یەکسان"** لە دوو بواردا مرۆڤ لە دژی جیاکاری دەپارێزێت: لە ژیانی کاردا و لە هەندێ دۆخی ژیانی ڕۆژانەدا، بە تایبەتی لە کاروباری ڕۆژانەدا.

ژیانی کار، مەبەست لەوەیە کە هیچ کەس نابێت جیاکاری لە دژ بکرێت:

- لە بواری داخوازنامەی کاردا
- لە بواری داهاتدا
- لە بواری مەرجەکانی کاردا
- لە بواری پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی پلەدا
- لە بواری دەستلەکارکێشانەوەدا.

ئەمەیش بەو واتایە دێت، بۆ نمونە، لە کارگەیەکدا نابێت مرۆڤ هەبێت بۆ کارەکەی داهاتی کەمتر بەدەست بخات لە کەسێکی تر، تەنها لەبەرئەوەی خەڵکی وەڵاتێکی ترە.

**کاروباری ڕۆژانە** ئەوە دەگەیەنێت، کە نابێت جیاکاری لە دژی هیچ مرۆڤێک بکرێت، بۆ نمونە ئەگەر پەیوەندی بەم بوارانەوە هەبێت:

- لە بواری گەڕان بە دوای نشینگە – شوقەدا
- لە کاتی چووندا بۆ دیسکۆ
- لە بواری بەکارهێنانی پاس و شەمەندەفەردا
- لە بواری کردنەوەی حیسابی بانکدا

# لەکوێ دۆخی دەگمەن هەیە؟

ئەگەر **هۆکاری بابەتی** هەبن، ئەو دەمە مۆڵەتی ئەوە دەبێت کە مامەڵەی جۆراوجۆر لەگەڵ مرۆڤەکان بکرێت.

بۆ نمونە دەکرێت داخوازنامەی کاری کەسێک ڕەت بکرێتەوە، ئەگەر ئەو کەسە بە فەرمی بەڵگەی مۆڵەتی کارکردنی نەبێت. هەر بۆ نمونە، ئەگەر توانای زمان گرنگ بێت بۆ پەیوەندی کردن بە کڕیارانەوە، ئەودەم کەم نەزانینی زمانی ئەڵمانی دەبێت بە هۆکارێکی بابەتی بۆ وەرنەگرت و ڕەتکردنەوە لە دەستەبەرکردنی کاردا.

## ئەمە جیاکاری **نییە!**

# III. له کوێ جیاکاری ڕوودەدات؟

ئەگەری ڕوودانی جیاکاری له هەموو شوێنێک هەیە: لەسەر شەقام، له قاوەخانە، له کاتی کارکردن و لەسەر کار یان له ئیتەرنێتدا. له زۆرێک لەو دۆخانەدا مرۆڤ بوار و توانای ئەوەی هەیه له دژی جیاکاری خۆی بپارێزێت یان پشتگیری بەدەست بخات.

ئەم نمونانەی که ئێستا ئاماژەیان پێدەکرێت، ئەوە ڕوون دەکەنەوە، له چ دۆخگەلێکدا ئەگەری ڕوودانی جیاکاری هەیه و ئێوە چۆن دەتوانن له دۆخی وەهادا پشتگیری دەستەبەر بکەن.

## 1. کار و پیشه

له ئەڵمانیا هەموو مرۆڤێک له دۆزینەوەی کار، له چوارچێوەی مەرجەکانی کار و دەستبەردان له کاردا، بەرانبەر به جیاکاری پارێزراوە. ئەم پاراستنەی مرۆڤەکان، هەروەها له خول و فێربوونی پیشەییشدا دەستەبەر کراوە، **بۆ نمونه له کاتی ڕاهێنان/ پراکتیککوم دا.**



ئەو مرۆڤانەی کە هاوولاتی یەکێتی ئەورووپا نین، تەنها ئەو کاتە دەتوانن لە ئەڵمانیا کار بکەن، کە بەڵگەی مۆڵەتی کارکردنیان هەبێت. ئەوەیش پەیوەندی بە جۆری چوارچێوەی مافی نیشتەجێبوونەوە هەیە. لەسەر بەڵگە فەرمییەکانی نیشەجێبوونیان نووسراوە، کە ئایا مۆڵەتی کارکردنیان هەیە یان مۆڵەتی کارکردنیان نییە:

"Erwerbstätigkeit gestattet" = بەڕێزتان مۆڵەتی کارکردنتان هەیە.

"Beschäftigung nur mit Erlaubnis der Ausländerbehörde gestattet" = بەڕێزتان مۆڵەتی کارکردنتان نییە یان هێشتا نیتانە.

"Erwerbstätigkeit nicht gestattet" = بەڕێزتان مۆڵەتی کارکردنتان نییە.

## 1.1 داخوازنامەی کار و دامەزراندن

لە ئەڵمانیا بۆ هەموو مرۆڤێک دۆزینەوە و بەدەستخستنی کار گرنگە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی سەرەتا دێنە وەڵاتەکە. بەداخەوە لەم بوارەدا بەردەوام ڕووبەڕووی جیاکاری دەبینەوە. بۆ نمونە ئەو کەسانەی ناوی بیانیان هەیە، لە هەندێ دۆخدا شانسێکی خراپیان هەیە بۆئەوەی بانگهێشت بکرێن بۆ ناسین و قسەکردن لەسەر داخوازنامەی کار.

## ئەمە جیاکارییە!

ئێوە دەتوانن ڕووبەڕووی ئەم کردەی جیاکارییە ببنەوە و شتێک بکەن. لەبەرئەوەی نابێت لە بواری داخوازیی کاردا هیچ کەسێک بەهۆی ناسنامەی نەتەوەیی، بە هۆی ڕەگەز، بەهۆی ئاین یان دنیابینییەوە، بەهۆی کەمئەندامبوون، بەهۆی تەمەن یان ناسنامەی زایەند/سێکسییەوە زیانی پێبگات.

**ژنانی موسوڵمانی بەسەرپۆش**
ژنانی موسوڵمانی بەسەرپۆشیش لە گەڕان بە دوای کاردا ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە. بەزۆری داخوازنامەی کارکردنیان بەو هۆکارەوە ڕەت دەکرێتەوە، گوایە کڕیار و کارمەندەکانی کارەکە کێشەیان لەگەڵ سەرپۆش هەبێت.

ئەم کارە قەدەغەیە! نابێت کەس لە کاتی گەڕان و دۆزینەوەی کاردا بە هۆی ئاین و باوەڕییەوە ڕەت بکرێتەوە!

لەم بوارەدا تەنها لە لای ئەو خاوەنکارانە دۆخێکی دەگمەن هەیە، کە لە لایەن کۆمەڵەی ئاینییەوە پشتگیری دەکرێن. ئەو ژنانەی لەم بوارەدا ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، پێویستە بێ چەندوچوون ڕاوێژ وەربگرن.

ئەگەر هەر کاتێک بەڕێزتان لە کاتی خۆناساندن و قسەکردن بۆ داخوازنامەی کار، لە کاتی کارکردندا یان لە وەرگرتنی مافی کارەکەتاندا ڕووبەڕووی جیاکاری بوونەوە، یەکسەر سەر لە نووسینگەی ڕاوێژ بدەن. لەوێ بەڕێزتان دەتوانن زانیاری وەربگرن، کە دەتوانن بەرانبەر بەو کردەی جیاکارییە چی بکەن یاخود ئایا دەتوانن بەرانبەر بە زیان و ماف پێشێلکردن قەرەبوو بکرێنەوە.

نووسینگەی فیدرالی دژە جیاکاری بێبەرانبەر و بە متمانەوە ڕاوێژ پێشکەش بە بەڕێزتان دەکات. ئەو نووسینگەیە هەروەها یارمەتیدەر دەبێت، تاکو نووسینگەی ڕاوێژی نزیک لە خۆتان بۆ بدۆزێتەوە:

+49 (0) 30 18555-1865
(لە دووشەممەوە بۆ هەینی، کات ٩–١٢ و ١٣–١٥)
یان لە ڕێگەی فۆرمی پەیوەندی لە ئینتەرنێتدا:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratung

دەتوانن نووسینگەی ڕاوێژی دژە جیاکاری نزیک لە شوێنی خۆتان، لەڕێگەی گەڕان بەدوای نووسینگەی ڕاوێژدا بدۆزنەوە:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratungsstellensuche

## 2.1 دەستدرێژی سێکسی لە شوێنی کار

واتای دەستدرێژی سێکسی ئەوەیە، دەست بۆ بردنی نائارەزووومەندانە، تێڕوانینی ناوەخت و نائاساییی، نیگای پڕ لە حەز، دەربڕینی سێکسیانە، نوکتەی بێپەردە یان هەڵواسینی وێنەی ڕووت.

### لە ئەڵمانیا هەموو جۆرە شێوازێکی دەستدرێژی سێکسی لە شوێنی کار قەدەغەیە!

لە کاتی دەستدرێژیکردنی سێکسیدا لە شوێنی کار، مەبەستی ئەو کەسەی کە دەستدرێژی دەکات گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە دەستنیشانکردن و هەستکردن بە مامەڵەیەکی تەواوی سێکسیانە نەخوازراوە.

### هەر لەبەرئەوەیشە کە دەبێت هەموو کارمەندانی ئەو شوێنە لە دژی دەستدرێژیکردنی سێکسی خۆیان بپارێزن!

بۆ خۆپاراستن بەرانبەر بە دەستدرێژیکردنی سێکسی لە شوێنی کار، کۆمەڵێ بواری جۆراوجۆر هەیە:

- بە کەسی دەستدرێژکەر بڵێن، کە دەبێت واز لە دەستدرێژی بێنێت.
- نارەزاییی خۆتان بگەیەنن بە سەرپەرشتیار یان بەرپرسیاری کارەکەتان یان ڕاستەوخۆ بچنە لای خاوەنی کارەکەتان یاخود بچنە لای نووسینگەی سکاڵاکردن.
- داوای هاوکاری لە ژنان یان هاوکارانی شوێنی کارەکەتان بکەن.
- لە سەندیکای کار سکاڵا تۆمار بکەن.
- بە ئامانجی گەڕانەوەی ماف و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانتان بەرانبەر بە خاوەنکار، هیچ نەبێت هەوڵ بدەن ڕاوێژ وەربگرن.

گرنگ نییە ئێوە دامەزرابن یان لە قۆناغی پەروەردە و فێربووندا بن: هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بەرانبەر بە دەستدرێژی سێکسی سکاڵا تۆمار بکات. ئەوانەی لە کارێکدا دامەزراون و سکاڵا تۆمار دەکەن، لەبەر نارەزایی دەربڕینیان، خاوەنکار ناتوانێت سزایان بدات یان لەکار دەریانبکات. **خاوەنکار دەبێت لە دژی دەستدرێژی سێکسی کاردانەوەی هەبێت و شتێک بکات.**

**لە ژیانی ڕۆژانەدا** هەموو شێوازەکانی دەستدرێژی سێکسی لە چوارچێوەی یاسادا قەدەغە نین. بەڵام هەمیشە شێوازە قورسەکانی تری دەستدرێژی سێکسی یان توندوتیژی سێکسی قەدەغەن. **لە کاتی ڕووداوی وەهادا** پێویستە یەکسەر بەرەو لای پۆلیس بچن یان بچنە نووسینگەی ڕاوێژی قوربانی. گرنگ نییە توندوتیژییەکە لەسەر شەقام یان لە نێو خێزاندا ڕووی داوە.

## ئەوانەی تووشی ئەو دۆخە دەبن دەتوانن هەمیشە ڕاوێژ وەربگرن:

تەلەفۆنی ڕاوێژکردنی سەربە نووسینگەی دژە جیاکاری

*Beratungstelefon der Antidiskriminierungsstelle*

+49 (0) 30 18555-1865
(لە دووشەممەوە بۆ هەینی، کات ٩–١٢ و ١٣–١٥)

یان لە ڕێگەی فۆرمی پەیوەندی لە ئینتەرنێتدا:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratung

تەلەفۆنی هاوکاری توندوتیژی لە دژی ژنان

*Hilfetelefon Gewalt gegen Frauen*

بەردەوام بەردەستە، ئەگەر پێویست بکات وەرگێڕی ژنیش هەیە.

HILFETELEFON
GEWALT GEGEN FRAUEN
08000 116 016

## 2. دەزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان

دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکان شوێنی فەرمی دەوڵەتن، بۆ نمونە سۆسیال ئامت "دەزگای کۆمەڵایەتی"، جۆب سەنتەر "ناوەندی کار"، ئاوسلەندەر بێهۆردە "بەڕێوەبەرایەتی بیانیان" یان پوگەند ئامت "دەزگای لاوان". بنکەی پۆلیسیش شوێنێکی فەرمی دەوڵەتە. بۆ کاری ناوەند و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت یاسا و مەرجی تایبەتی پاراستن بەرانبەر بە جیاکاری هەیە.

### سوکایەتی جیاکارانە و یان مامەڵەکردنی جیاکارانەیش لە دەزگا و شوێنە فەرمییەکاندا قەدەغەن!

ئەگەر لە دەزگا و شوێنە فەرمییەکان جیاکاریان لە دژ کردن، دەتوانن ئەم ڕێیانە بگرنە بەر:

- لە کاتی قسەکردنتاندا ئاماژە بە قەدەغەبوونی جیاکاری بکەن.
- هەوڵی بەدەستخستنی پشتگیری بدەن لە لای نووسینگەیەکی ڕاوێژکردن.
- لە لای بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتییە فەرمییەکان داوا پێشکەش بکەن کە کەسێکی نوێ بۆ پەیوەندیکردنتان دەستنیشان بکەن.
- هەوڵ بدەن سکاڵایەکی دەربەستبوون بگەیەنن بە کەسی بەرپرسی کارەکە.
- لە هەندێ بەڕیوەبەرایەتی و دەزگای دەوڵەت شوێنێ سکاڵا تۆمارکردن هەیە، دەتوانن ڕاستەوخۆ بچنە لایان.

**بەشێوەیەکی گشتی: بەڕێزتان بۆتان هەیە هەمیشە کەسێک – یارمەتیدەرێک – لەگەڵ خۆتان بۆ بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت ببەن.**

**نمونەیەک لە کاری نووسینگەی دژە جیاکاری**
خانمێکی موسوڵمان دەچێتە نووسینگەی دژە جیاکاری، لەبەرئەوەی هەستی بەوە کردووە لە لایەن فەرمانبەری سەرپەرشتیکارییەوە لە بنکەی کار – جۆب سەنتەر– جیاکاری لە دژ دەکرێت. ئەو فەرمانبەرە پێشنیازی بۆ خانمەکە کردووە لەچکەکەی فڕێ بدات بۆ ئەوەی شانسی باشتری لە بازاڕی کاردا هەبێت.

خانمێکی ڕاوێژکاری نووسینگەی دژە جیاکاری، بۆ بنکەی کار – جۆب سەنتەر– نامەیەک دەنووسێت. ڕاوێژکارەکە ئاماژە بەوە دەکات کە، ئەو داوایەی لەو ژنە کراوە کردەیەکی جیاکارییە. جگە لەوە ڕاوێژکارەکە تکا لە بنکەی کار – جۆب سەنتەر– دەکات کە لە حاڵەتەکە بکۆڵنەوە.

بنکەی کار – جۆب سەنتەر– لێکۆڵینەوە لە دۆخەکە دەکات. لە کۆتاییدا ناسەلمێندرێت کە خانمە فەرمانبەرەکە کردەی جیاکاری لە دژی خانمە موسوڵمانەکە ئەنجام دابێت. بە ئامانجی ڕێ گرتن لە کێشە و ناکۆکی، کاری ئەو خانمە موسوڵمانە دەدەن بە فەرمانبەرێکی تر.

بۆ ڕاوێژکردنی زیاتر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتدا، دەتوانن لە ڕێگەی ئەم بەستەر و بوارانەوە زانیاری زۆرتر بەدەست بخەن:

PRO ASYL
www.proasyl.de
تەلەفۆنی ڕاوێژکردن
(لە دووشەممەوە بۆ هەینی، کات ١٠–١٢ و ١٤–١٦)
+49 (0) 69 24231420

# زمان و تێگەیشتن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەت

زۆربەی یاسا، ڕێسا و فۆرمەکان تێگەیشتنیان سەختە. **لە ئەڵەمانیا زمانی فەرمی ئەڵەمانی – یە.** لەبەرئەوە نابێت نووسراو و بەڵگەکان بە زمانێکی تر وەربگێڕدرێن. جگە لەوەیش دەزگاکانی دەوڵەت ناچار نین وەرگێڕ دابین بکەن.



**بەڵام کارمەندانی بەڕێوەبەرێتی و دەزگاکانی دەوڵەت پێویستە لەسەریان لانی کەم هەوڵ بدەن، کە ناوەڕۆکی نووسراو و کارنامە فەرمییەکان ڕوون بکەنەوە. نابێت بەهۆی خراپی ئاستی زمانەوە**

**مرۆڤەکان هەر هەموو ڕەت بکرێنەوە.**

## ئەمە جیاکارییە!

گرنگ ئەوەیە: **ئێوە ناچار نین هیچ شتێک واژۆ – ئیمزا – بکەن کە تێیناگەن.**

هەروەها: **هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە کاتی ژووانی فەرمیدا وەرگێڕێک لەگەڵ خۆی ببات.**

لەگەڵ خۆتاندا دەتوانن هەروەها خزم یان هاوڕێ یاخود کارگوزاری کۆمەڵایەتی "سوسیال ئاربایتەر" وەکو وەرگێڕ لە کاتی ژووانی فەرمیدا ببەن.

له بنەڕەتدا نابێت دەزگاكان چاوەڕوانی ئەوە بن، كە ئێوە خۆتان وەرگێڕ پەیدا بكەن. بەڵام سەربارێ ئەوەیش ئەگەر داواتان لێبكرێت و ناچار بن، ئەو دەمە پەیوەندی بكەن، بۆ نمونە، بە ڕاوێژكاری كۆچبەرانەوە. دەتوانن نووسینگەی ڕاوێژی كۆچبەران نزیك لە شوێنی نیشتەجێبوونتان لە ڕێگەی سۆراخی نووسینگەی ڕاوێژكردنی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵی بۆ كۆچبەر و پەنابەران بدۆزنەوە:

بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵی بۆ كۆچبەر و پەنابەران
*Bundesamt für Migration und Flüchtlinge*
www.bamf.de
سۆراخی نووسینگەی ڕاوێژكردن:
http://webgis.bamf.de/BAMF/control

## 3. دكتۆر و نەخۆشخانەكان

لە ئەڵمانیا مافی هەموو مرۆڤێكە چارەسەری پزیشكی بۆ دەستەبەربكرێت. دكتۆرەكان پێویستە لەسەریان هەموو مرۆڤێك چارەسەر بكەن، كە

- لە دۆخێكی پەلەی چارەسەركردندان،
- ئەوانەی كە بیمەی تەندروستیان هەیە- یان كارتی تەندروستیان هەیە یاخود
- بەڵگەی چارەسەركردنیان هەیە.

**گرنگە: جۆری مافی نیشتەجێبوونتان پەیوەندی بە باری تەندروستیتانەوە نییە! ئایا دەچنە لای دكتۆری ددان، دووگیانن یان دەرزی كوتانتان هەیە، هەموو ئەوانە ئاساییـن.**

**بەڵام:** بۆ زۆرێك لە پەنابەران كێشەی گەورە ئەوەیە، كە كارتی بیمەی تەندروستییان نییە – جگە لەو كەسانەی مافی پەنابەرییان پێدراوە. لە زۆرینەی هەرێمەكانی دەوڵەتی فیدراڵی، پەنابەران و كۆچبەران پاش ١٥ مانگ كارتی لەو جۆرە وەردەگرن. ئەگەر ئێوە هێشتا كارتی تەندروستیان نییە، پێویستتان بە بەڵگەی چارەسەركردن

هەیە. ئەوبەڵگەیە دەبێت لە لایەن بەڕیوەبەرایەتی تەندروستی – گزوندهایتس ئامت – یان بەڕیوەبەڕایەتی کۆمەلایەتی – سۆسیال ئامت – پێش هەر چارەسەرێک لە لای دکتۆر ئامادە بکرێت و پێتان بدرێت.

**بەڵگەی چارەسەرکردن**
لە کاتی دەرکردنی بەڵگەی چارەسەرکردندا دەبێت ئەم خزمەتانە دەستنیشان بکرێن:

- ئەو نەخۆشیانەی دەبێت بە پەلە چارەسەر بکرێن
- ئەو نەخۆشیانەی کە ئازار بەخشن
- ئەو خزمەتانەی تایبەتن بە ژنی دووگیان
- هەموو ئەو خزمەتانەی تایبەتن بە چارەسەری منداڵان
- دکتۆری ددان: ئەگەر زۆر پێویست بێت
- دەرزی کوتان و پشکنین

**ئاگادار بن!** ئەگەر دەرمان و دەوایان بۆتان نووسی، لەبەر ئەوەی بەڵگەی چارەسەرکردنتان هەیە، پارە نادەن. ئاگاداری ئەوە بن، کە ئەو زانیارییە لەسەر ڕەچەتەکەیش نووسراوە.

لەوەیە هەندێ جار، بەڕیوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی – سۆسیال ئامت – یان بەڕیوەبەڕایەتی تەندروستی – گزوندهایتس ئامت – خزمەتی چاڕەسەرکردنی پزیشکی ڕەت بکەنەوە، ئێوە دەتوانن لەو دۆخەدا سکاڵایەک پێشکەش بە بەڕیوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی – سۆسیال ئامت – بکەن.

## دەستنیشانکردنی ژووان

هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کە ژووانی دکتۆر وەربگرێت. لەهەندێ دۆخدا لەوەیە ئەم کارە چەند هەفتەیەک بخایەنێت، تاکو مرۆڤ ژووانێکی دەستدەکەوێت. بەڵام لە ئەڵمانیا ئەوە قەدەغەیە کەسێک بە هۆی جۆری مانەوە و نیشتەجێبوونەوە یان بە هۆی ناسنامە و باوەڕی ئاینییەوە بواری چارەسەرکردنی پزیشکی بۆ نەڕەخسێت.

**ئەمە جیاکارییە!**

**نائاساییەکان**
تەنها لە هەندێ دۆخی تایبەتدا دەکرێت، کەسێک نەتوانێت ژووانی دکتۆر وەربگرێت. بۆ نموونە، لە لای ئەو نۆرینگانە – عیادانە – ی کە بۆ پشکنین و چارەسەرکردن تەنها پێشوازی لەو کەسانە دەکەن بیمەی تایبەتی تەندروستیان هەیە.

جگە لەوەیش نۆرینگەی دکتۆر بۆیان هەیە ژووان نەدەن، ئەگەر نۆرینگەکە نەخۆشی زۆری لە لا هەبێت.

## ئەمە جیاکاری نییە!

ئەگەر لە سەردانی دکتۆردا یان لە کاتی ڕێکخستنی ژووانی دکتۆردا جیاکاریتان لەگەڵ کرا، بۆ نموونە دەتوانن بچنە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی یان سکاڵا لە لای سەندیکای پزیشکان تۆمار بکەن. گەر ئەوانەتان نەکرد، سەرەتا دەتوانن پەیوەندی بکەن بە نووسینگەیەکی ڕاوێژی کۆچبەرانەوە.

**نموونەیەک لە نووسینگەی دژە جیاکارییەوە**
ژنێکی دووگیان کە داوای مافی پەنابەری کردووە، بەشێوەیەکی دژوار گوشاری خوێنی بەرزبۆتەوە، لەگەڵ ژنە کارگوزارێکی کۆمەڵایەتیدا دەچێتە نەخۆشخانە. لەوێ سەرەتا داخوازیی چارەسەرکردنی ڕەت دەکرێتەوە. بەڵگەی چارەسەرکردنەکەی کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانەوە بۆی ئامادە کراوە پەسەند ناکرێت.

بەڵام ئەو کاتەی کە ژنە کارگوزارە کۆمەڵایەتییەکە چەندجارێک نارەزایی دەردەبڕیت و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دکتۆرێکدا قسە دەکات، دەست دەکرێت بە پشکنین و چارەسەرکردنی ژنە دووگیانەکە و نوێنێکی لە نەخۆشخانە بۆ تەرخان دەکرێت.

**کەمئەندامێتی**
کەمئەندامان پێویستە هەر لە سەرەتاوە ڕاوێژ وەربگرن. دەتوانن ڕاوێژ لە لای دکتۆری خێزان وەربگرن، لە لای بەڕیوەبەرایەتی تەندروستی – گزوندهایتس ئامت – یان لە لای بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی – سۆسیال ئامت –، لە لای نووسینگەی ڕاوێژی کۆچبەران، لە هەندێ دۆخدا دەتوانن ڕاوێژ لەو شوێنە وەربگرن کە سەرەتا وەرگیراون و ناوتان تۆمار کراوە یان لە لای:

یەکێتی فیدرالی کۆمەکی ژیان ئێ. فاو
Bundesvereinigung Lebenshilfe e.V.
**www.lebenshilfe.de**

**ئەوانەی ڕەگەزی خۆیان گۆڕیوە -ڕەگەزگۆڕ–**
چارەسەری پزیشکی بۆ کەسانێک ڕەگەزی خۆیان گۆڕیوە لە ئەڵمانیا بەشێوازی وەک یەک و هاوشێوە ڕێکنەخراوە. بۆ ڕاوێژکردن و زانیاری زۆرتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن:

ڕاوێژی ژیانی لار بۆ ئینتەر و ترانس
*Inter*- und Trans*-Beratung von Queer Leben*
**www.queer-leben.de**

## 4. کردنەوەی حیسابی بانک

حیسابی بانک بۆ زۆرێک لە کاروباری دارایی پێویستە هەبێت. بۆ نمونە ناردنی مووچە، یان بوون بە ئەندام لە بنکەیەکی وەرزشی – فیتنێس ستودیۆ–، یاخود بەکرێگرتنی ماڵ و کرێدان، تەنها لە ڕێگەی حیسابی بانکەوە ئەو کاروبارە داراییانە جێبەجێ دەکرێت.

هەر کەسێک بیەوێت ژمارە حیسابی هەبێت، پێویستە ناسنامەی پێ بێت، پێویستە بەڵگەیەک هاووڵاتی بوونی بسەلمێنێت. جگە لە ناسنامە و پاسپۆرت، دەکرێت بەڵگەی مانەوە – نیشەجێبوون – یش (دولدونگ، مافی مانەوە و هتد) بێت.

بۆ کردنەوەی حیسابی بانک پێویستە ناسنامە و بەڵگەکانتان ئەم زانیارییانەیان لەسەر بێت:

- سەرنامە – کاغەزی فەرمی – ومۆری دەزگا و بەرێوەبەرێتی ئەڵمانی پێوە بێت، بۆ نمونە بەرێوەبەرایەتی بیانیان.
- زانیاری سەبارەت بە کەسەکە (ناو، مێژووی لەدایکبوون و هتد)
- ناونیشان
- وێنەی پاسپۆرت
- واژۆ – ئیمزا – ی کەسی داواکار

## لەئەڵمانیا هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کە حیسابی بانک بکاتەوە، بۆ کردنەوەی حیسابی بانک گرنگ نییە کەسەکە سەر بە چی رەگەزێکە یان جۆری مافی مانەوەی چۆنە.

سەرباری ئەوەیش ئەگەری ئەوە هەیە لە کردنەوەی حیسابی بانکدا کردەی جیاکاری ڕووبدات. بانکەکان ناتوانن بێ هیچ هۆکارێک کردنەوەی حیسابی بانک ڕەت بکەنەوە یان ڕێگە نەدەن کەسێک بچێتە ژوورەوە.

## ئەمە جیاکارییە!

تەنها لە هەندێ **دۆخی دەگمەن و نائاساییدا** بانکەکان دەتوانن کڕیارەکان ڕەت بکەنەوە. بۆ نموونە:

- ئەگەر مرۆڤ ژمارە حیسابی بانکی لە ئەڵمانیا هەبێت.
- ئەگەر مرۆڤ لە بوارێکدا سزا درا بێت، کە پەیوەندی بە بانک و کاروباری داراییەوە هەبێت.
- ئەگەر بانکەکە لە ڕابردوودا حیسابی بانکی کەسەکەی هەڵوەشاندبێتەوە.

## ئەمە جیاکاری نییە!



## 5. کاتی ئازاد و کاروباری ڕۆژانه

لە بواری خزمەتگوزاریشدا جیاکاری قەدەغەیە، ئەمە ئەگەر بە هۆی ڕەگەزپەرستییەوە بێت، یان بەهۆی ناسنامەی نەتەوەیی، یاخود بە هۆی ڕەگەز، ئاین، تەمەن، کەمئەندامێتی یان ناسنامەی سێکسییەوە بێت.

بۆ نمونە بەردەوام ئەوە ڕوودەدات کە بە هۆی کاری ڕەگەزپەرستییەوە یان بە هۆی ئاینەوە ڕێگە نادرێت کەسێک بچێتە دیسکۆ، یان بنکەی وەرزشی – ستۆدیۆی فیتنێس – یاخود ڕێگەی پێنادرێت بچێتە مەلەوانگە.

**ئەمە جیاکارییە!**

**نائاساییەکان**
هەموو ڕەتکردنەوەیەک جیاکاری نییە:
بۆ نموونە دیسکۆکان دەیانەوێت کەشێکی تایبەت ساز بکەن.
لەبەرئەوە دەتوانن کەسانێک نەکەنە ژووررەوە کە سەرخۆشن،
توندوتیژانە هەڵسوکەوت دەکەن یان جل و بەرگی شیاویان
لەبەر نییە.

جگە لەوەیش دەکرێت ڕێگە نەدەن مرۆڤ بچێتە ژووررەوە بۆ
مەلەوانگەیەک یان بۆ بنکەیەکی وەرزشی – ستۆدیۆی فیتنێس
– بە هۆکاری ئەوەی خەڵکێکی زۆری لێیە و جێگەیان نییە.

**ئەمە جیاکاری نییە!**

ئەگەر بە هۆی کەمی یان خراپی زمان زانینەوە یان ئەگەر بە هۆی جۆری مۆڵەتی مانەوە یاخود ئەگەر بە هۆی ناسنامەی نەتەوییەوە بواری خزمەتگوزاری بە ڕووی کەسێکدا بەسترا، ئەوە جیاکارییەکی ڕەگەزپەرستانەیە. دەتوانن لە دژی ئەو کارە بەرگری لە خۆتان بکەن. لە دۆخی وەهادا سەر لە نووسینگەی ڕاوێژ بدەن.

بێگومان هەمیشە ئاسان نییە، هۆکارەکانی ئەو ڕەتکردنەوەیە ئاشکرا بکەن و بیانزانن. لەبەرئەوە دەبێت لەم شتانە بکۆڵنەوە:

- پرسیار سەبارەت بە هۆکاری ڕەتکردنەوەکە بکەن.
- ئایا هۆکاری ڕەتکردنەوەکە واتایەکی هەیە؟ بۆ نموونە، سەرەڕای ئەوەی بە بەرێزتیان گوتووە دیسکۆکە پڕ لە خەڵکە، بەڵام پاش ئێوە کەسانی تریان کردۆتە ژووررەوە؟
- ئەگەر پێویست بووە لەسەرتان ناسنامە، یان داوەتنامە یاخود ناسنامەی یانەکە پێشان بدەن: ئایا پرسیاریان لە هەموو میوانەکانی تر سەبارەت بە بەڵگەی لەو جۆرە کردووە؟

ئەگەر هەستی ئەوەتان لە لا دروست بووە کە جیاکاری لە دژتان کراوە:

- هەوڵی دۆزینەوەی پشتگیری بدەن لە نزیکی خۆتان.
- هەندێ شت لە لای خۆتان سەبارەت بە ڕووداوەکە بنووسنەوە. کەسێک هەیە شایەتی لەسەر ئەو کردە جیاکارییە بدات؟
- ئارامی خۆتان بپارێزن، ئەگەر توڕەیشیان کردن.
- سەردانی نووسینگەیەکی ڕاوێژکردن بکەن، بۆ نمونە:

تەلەفۆنی ڕاوێژکردنی نووسینگەی دژە جیاکاریی فیدرالی
*Beratungstelefon der Antidiskriminierungsstelle des Bundes*
+49 (0) 30 18555-1865
(لە دووشەممەوە بۆ هەینی، کات ٩–١٢ و ١٣–١٥)

یان لە ڕێگەی فۆرمی پەیوەندییەوە لە ئینتەرنێت:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratung

لە ڕێگەی سۆراخی نووسینگەی ڕاوێژەوە، نووسینگەیەکی ڕاوێژی دژە جیاکاری لە نزیک خۆتان بدۆزنەوە:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratungsstellen

**نمونەیەک لە دادگا**
خوێندکارێکی زانکۆ کە خەڵکی سوریایە، ڕیگەی پێنادرێت بچیتە دیسکۆیەک. ئەو پیاوە خوێندکارە سەرخۆش نییە و جل و بەرگی شیاویشی لەبەرە. هاوڕێ پێست سپییەکانی خوێندکارەکە بێ کێشە دەچنە ژوورەوە بۆ یانەکە.

خوێندکارەکە بڕیار دەدات سکاڵا لە دژی ئەو دیسکۆیە تۆمار بکات. هاوڕێکانی ئەو خوێندکارە شایەتی ئەو مامڵەیەن لەگەڵی کراوە. دادگا بڕیار دەدات: بە هۆکاری ڕەگەزپەرستی ڕێگەی چوونە ژوورەوە بەو پیاوە نەدراوە. ئەو دیسکۆیە پێویستە لەسەری هەزار ئۆیرۆ وەکو قەرەبووکردنەوە بدات بە خوێندکارەکە.

**کۆمەڵەکان**
زۆرێک لە یانەکانی وەرزش یان موزیک کۆمەڵەن. پاراستن لە جیاکاری لە لای ئەو کۆمەڵانەی بە تایبەتی ڕێکخراوی گرنگن پێویست دەبێت و هەروەها لە بواری کاریشدا.

ئەوە بە واتای ئەوە دێت: لە لای کۆمەڵە بچوک و خۆجێییەکان، بۆ نمونە لەلای کۆمەڵەیەکی تۆپپێی هەرێمی داخوازی یاسایی بۆ بە ئەندامبوون نییە. بەڵام بە زۆری بواری تر هەیە، تاکو بەرگری بکەن لە خۆتان لە دژی جیاکاری. ئەگەر لە لایەن کۆمەڵەیەکەوە داخوازی ئەندامبوونتان ڕەت کرایەوە، دەبێت سەرباری ئەوە و بەرانبەر بەو بریارە دەرفەتێک بۆ ڕاوێژکردن بدۆزنەوە، دەتوانن بۆ نمونە سەر لە نووسینگەی ڕاوێژی کۆچبەران بدەن.

ئەو کەسانەی کە خۆیان ئەندامی کۆمەڵەیەکن و جیاکاریان لە دژ دەکرێت، دەتوانن پەیوەندی بە دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکەوە بکەن.

## 6. دۆزینەوەی ماڵ

لە بواری گەڕاندا بە مەبەستی دۆزینەوەی ماڵ، جیاکاری لە ئەڵەمانیا قەدەغەیە:

- لە بەکرێگردنی ماڵدا،
- لە کاتی گرێبەستی بەکرێگرتندا،
- لە کاتی کۆتایهێنان بە گرێبەستی بەکرێگرتندا.

بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان جۆرەکانی تایبەتمەندییە یاساییە پارێزراوەکاندا:

جیاکاری لە سۆنگەی **ناسنامەی نەتەوایەتی و جیاکاری ڕەگەزپەرستییەوە** لەبنەڕەتدا قەدەغەیە. ڕەتکردنەوە بە هۆکاری جۆری مافی نیشتەجێبوون و مانەوە یان کەمزانینی زمان، ئەوانیش دەکەونە هەمان چوارچێوەی قەدەغەوە.

**نائاساییەکان**
بە شێوەیەکی بنەڕەتی جیاکاری لە دۆخێکدا نابێت، ئەگەر خاوەن ماڵ خۆی لە نێو ئەو ماڵەدا یان لەسەر ئەو زەوییە نیشتەجێ بێت.

بۆ هەموو **دۆخەکانی تری نیشتەجێبوون، جگە لە ناسنامەی نەتەوەیی**، قەدەغەبوونی جیاکاری کاتێک ڕەواجی هەیە، کاتێک خاوەن ماڵ/خاوەن موڵکێک **زۆرتر لە ٥٠ شوقەی بەکرێ** دابێت. لەبەرئەوەی ئەو کارە پەیوەندی بەشێوازێکی کارەوە هەیە کە بازرگانی بە کۆی پێدەگوترێت.

بۆ نمونە ئەگەر جوتە هاوڕێیەکی هاوڕەگەزباز بۆ نشینگە بگەڕێن، ئەگەر بەهۆکاری هاوڕەگەزبازییانەوە داخوازەکەیان ڕەتٌ بکرێتەوە، لەو دۆخەدا دەکرێت تەنها بەرانبەر بە کۆمپانیا گەورەکانی خانوبەرە نارەزایی پێشان بدرێت.

## لە دۆخی جیاکاریدا

بۆ نمونە ئەگەر لە تەماشاکردنی نشینگە گوترا "نایدەین بە بیانی!"، یان "نایدەین بە پەنابەر!" ئەمە زۆر بە ڕوونی پەیوەندی بە جیاکاری قەدەغەوە هەیە. لە دژی ئەوە دەتوانن بەرگری لە خۆتان بکەن.

جگە لەوەیش، لەوەیە لە کاتی بەکرێگرتنی ماڵدا ئەگەری ناهەقیکردن بێتە ئاراوە. بۆ نمونە لە ڕێگەی ناهەقی کرێی گران/زۆرەوە، هۆشداری یان لە ڕێگەی هەڕەشەی دەرکردنەوە.

## ئەمە جیاکارییە!

لە دۆخێکی وەهادا دەبێت یەکسەر هەوڵی پشتگیری کردن بدەن. بۆ نمونە دەتوانن لەم ڕێگەیەوە پشتگیری بەدەست بخەن:

تەلەفۆنی ڕاوێژکردنی نووسینگەی دژە جیاکاریی فیدرالی
*Beratungstelefon der Antidiskriminierungsstelle des Bundes*
+49 (0) 30 18555-1865
(لە دووشەممەوە بۆ هەینی، کات ٩ـ١٢ و ١٣ـ١٥)

یان لە ڕێگەی فۆرمی پەیوەندییەوە لە ئینتەرنێت:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratung

لە ڕێگەی سۆراخی نووسینگەی ڕاوێژی ئێمەوە، نووسینگەیەکی ڕاوێژی دژە جیاکاری لە نزیک خۆتان بدۆزنەوە:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratungsstellen

ئەگەر لە لایەن دراوسێکانتانەوە جیاکاریتان لە دژ کرا یان نەپاریتان کرا، دەبێت بە پەلە پەیوەندی بکەن بە خاوەن ماڵەکەتانەوە یان پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەرایەتی ماڵەکەوە. بەوجۆرە دەتوانن ڕێ لەبەر گەورەبوونەوەی کێشەکە بگرن.

جیاکاری هەروەها لە بازاڕی خانوبەرەیشدا هەیە، بە جۆرێکی وەها کە بەشێوەیەکی ڕوون دیار نییە. بۆ نمونە ئەگەر خاوەن ماڵێک وەها هەڵسوکەوتی کرد، وەکو ئەوەی ماڵەکەی یان نشینگەکەی بەکرێ دراوە و گیراوە، لەم دۆخەیشدا پەیوەندی کردن بە نووسینگەی ڕاوێژکردنەوە کارێکی بەسودە. نووسینگەی ڕاوێژکردن دەتوانن ئەم دۆخانە تۆمار بکەن و بەڵگەی لەسەر کۆبکەنەوە.

**نمونە لە کاری نووسینگەی دژە جیاکاری**
کۆمپانیایەکی خانوبەرەی سەر بە شارەوانی، بەکرێدانی نشینگەیەک بە دوو پیاوی لاوی سووریایی ڕەت دەکاتەوە و بەکرێ نایاندات. ئەم کارە لە لایەن بەڕیوەبەرایییەتیە پەیوەندیدارەکانیشەوە پەسەند دەکرێت. ئەو کۆمپانیایەی خانوبەرەی سەر بە شارەوانی بەردەوام بیانوو دەدۆزێتەوە و ڕێ لەبەرئەوە دەگرێت ئەو ماڵە بدرێت بەو دوو پیاوە سووریاییە. بیانووەکان جێگەی قەناعەت نین و سەلمێنەری کردەی جیاکارین.

هەر لەبەرئەوەیش هەردوو پیاوە سووریاییەکە پەیوەندی دەکەن بە نووسینگەیەکی کۆچبەرانەوە. لەرێگەی کەسێکەوە کە لەو بوارەدا کۆمەکیان دەکات و هەروەها لە ڕێگەی پشتگیری پارێزەرێکەوە پیاوەکان دەتوانن پاش شەش مانگ ماڵەکە بەدەست بخەن و پەیمانی کرێگرتن واژۆ بکەن.



## 7. پەروەردە و قوتابخانە

لە ئەڵمانیا هەرێمەکان خۆیان بەرپرسن لە بابەتی پەروەردە، هەربۆیە کۆمەڵێ یاسا و شیوازی جۆراوجۆری خوێندن لە قوتابخانەکاندا هەیە.
وەکو نموونە دەتوانن زانیاری گشتی سەبارەت بە خوێندن و پەروەردە لە ئەڵمانیا لێرە بدۆزنەوە:

بەرێوەبەرایەتی فیدرالی بۆ کاروباری کۆچ و پەنابەران
*Bundesamt für Migration und Flüchtlinge*
www.bamf.de/DE/Willkommen/Bildung/bildung-node.html

**لاوان و کەسانی گەورەیش**، ئەوانەی لە وەڵاتی خۆیان بڕوانامەیان بەدەستهێناوە، دەتوانن لە ئەڵمانیا لە چوارچێوەی هەندێ مەرجی تایبەتدا بیگۆڕن بۆ بڕوانامەی باوەڕپێکراو لەم وەڵاتە. دەتوانن لێرە زانیاری زۆرتر و نووسینگەی ڕاوێژکردن لە نزیکتانەوە بدۆزنەوە:

www.anerkennung-in-deutschland.de
+49 (0) 30 1815 1111

لە بنەڕەتدا: هەموو منداڵ و لاوێک لە ئەڵمانیا پێویستە بچێت بۆ قوتابخانە. **خوێندن ئەرکە و دەبێت جێبەجێ بکرێت**

- بۆ منداڵ لە نێوان پێنج بۆ حەوتساڵاندا خوێندن دەست پێدەکات و لە نۆ بۆ دوازدە ساڵی تەواو دەبێت، لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر ڕێساکە دەگۆڕدرێت.
- خوێندن پەیوەندی بە جۆری مافی نیشتەجێبوونەوە نییە.

## ئەمە واتای ئەوەیە، هەموو منداڵ و لاوێک مافی ئەوەی هەیە، بچێنە قوتابخانە و بخوێنێت!

قوتابخانەکان لە دۆخی دەگمەن و نائاساییدا مافی ئەوەیان هەیە کە، شوێن نەدەن بە قوتابی، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و لاوان ناوی خۆیان تۆمار کردبێت.

## ئەمە جیاکاری نییە!

سەرباری ئەوەیش لەم دۆخەدا دەبێت بێ چەندوچوون دایکان و باوکان پەیوەندی بکەن بە نووسینگەیەکی ڕاوێژ کۆچبەرانەوە یان پەیوەندی بکەن بە بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدارەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەبێت قوتابخانەیەک لە شوێنێکی نزیک هەر هەبێت، قوتابخانەیەک کە منداڵ و لاوانی لێ تۆمار بکرێت و لەوێ بخوێنن.

**ئاگادار بن!**
ئەوانەی تووشی ئەم کێشانە دەبن، هەندێ جار ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵانی پەنابەر بە هۆی باش نەزانینی زمانەوە ناچار دەبن ڕەوانەی قوتابخانەی تایبەت بکرێن. بە مەبەستی سازاندن و گونجاندنی درێژخایەن ئەگەری ئەوە هەیە ئەم هەنگاوە بە زیانی منداڵان و لاوان بشکێتەوە. بۆیە پێویستە لەسەر دایکان و باوکان لەم دۆخەیشدا هەوڵی بەدەستخستنی پشتگیری لە لای نووسینگەی ڕاوێژی کۆچبەران بدەن.

**جیاکاری** هەروەها لەوەیە لە **ژیانی خوێندندا** ڕووبدات. بۆ نموونە ئەگەری ئەوە هەیە، کە منداڵ لە منداڵانی هاوڕێی خوێندنی جیابکرێتەوە. هەروەها لێدوان، شیکردنەوە یان مامەڵەی مامۆستا لەوەیە ببێت بە هۆکاری جیاکاری بەرانبەر بە هەندێ لە خوێندکاران.

## ئەمە جیاکارییە!

بێگومان لە بواری قوتابخانەکاندا، سەرباری نەبوونی یاسایەکی یەکگرتوو بۆ پاراستن لە جیاکاری، توانای ئەوە هەیە، مرۆڤ لە دژی جیاکاری لە قوتابخانەکاندا خۆی بپارێزێت.

بەپێی ڕووداو، دەبێت ڕاستەوخۆ دایکان و باوکان پەیوەندی بکەن بە مامۆستاکان یان بە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەوە. لە هەندێ هەرێمی ئەڵمانیا و لە هەندێ قوتابخانەدا نووسینگەی پەیوەندی هەیە یان کەسانێک هەن بەرپرسن لەو کارە، کە مرۆڤ دەتوانێت لەم دۆخی جیاکارییەدا ڕاستەوخۆ پەیوەندیان پێوە بکات.

لەم دۆخەدا پەیوەندی بکەن بە:

تەلەفۆنی ڕاوێژکردنی نووسینگەی دژە جیاکاریی فیدراڵی
*Beratungstelefon der Antidiskriminierungsstelle des Bundes*
+49 (0) 30 18555-1865
(لە دووشەممەوە بۆ هەینی، کات ٩–١٢ و ١٣–١٥)

یان لە ڕێگەی فۆرمی پەیوەندییەوە لە ئینتەرنێت:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratung

لە ڕێگەی سۆراخی نووسینگەی ڕاوێژی ئێمەوە، نووسینگەیەکی ڕاوێژی دژە جیاکاری لە نزیک خۆتان بدۆزنەوە:
www.antidiskriminierungsstelle.de/beratungsstellen

# باخچەی ساوایان و دایەنگە

منداڵان مافی خۆیانە شوێنێکیان لە باخچەی ساوایان یاخود لە دایەنگە دەست بکەوێت. لە دۆخێکدا هەستتان بەوە کرد کە، لە گەڕاندا بۆ بەدەستخستنی شوێنێک جیاکاری دەکرێت لەگەڵتان، دەتوانن لێرە دەرفەتی ڕاوێژ بدۆزنەوە:

پاراستنی منداڵ لە جیاکاری!
*KiDs – Kinder vor Diskriminierung schützen!*
www.situationsansatz.de/kids.html

# IV. پشتگیری و ڕاوێژ

| ڕێکخراو | ئینتەرنێت | تەلەفۆن |
|---|---|---|
| نووسینگەی دژە جیاکاریی فیدرالی<br><br>**Antidiskriminierungsstelle des Bundes**<br><br>(لێرە بە تایبەتی لە بواری کار، نیشەجێبوون و کاروباری ڕۆژانەدا هاوکاری دەکرێن) | www.antidiskriminierungsstelle.de | +49 (0) 30 18555-1865 |
| **Antidiskriminierungsver-band Deutschland (advd)**<br><br>(لێرە بە تایبەتی لە بواری کار، نیشەجێبوون و کاروباری ڕۆژانەدا هاوکاری دەکرێن) | www.antidiskriminierung.org | +49 (0) 341 30 690 787 |
| بەڕێوەبەرایەتی فیدرالی بۆ کۆچبەر و پەنابەران<br><br>**BAMF – Bundesamt für Migration und Flüchtlinge**<br><br>(لێرە پەنابەران دەتوانن زانیاری گشتی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان بەدەستبخەن، سۆراخی نووسینگەی ڕاوێژکردن بۆ کۆچبەران – خزمەتی لاوانی کۆچبەر لە شوێنی خۆیان – بە زمانەکانی ئەڵمانی، ئینگلیزی، تورکی و ڕووسی) | زانیاری گشتی<br>Allgemein:<br>www.bamf.de<br><br>نووسینگەی ڕاوێژکردن<br>Beratungsstellen:<br>http://webgis.bamf.de/BAMF/control<br><br>پەروەردە<br>Bildung:<br>www.bamf.de/DE/Willkommen/Bildung/bildung-node.html | |

| | | |
|---|---|---|
| نووسینگەی سۆراخی ڕاوێژکردنی سەر بە نووسینگەی دژە جیاکاریی فیدرالی<br>**Beratungsstellensuche der Antidiskriminierungsstelle des Bundes**<br><br>(لێرە نووسینگەی ڕاوێژکردن لە نزیکی خۆتان پەیدا دەکەن) | www.antidiskriminierungsstelle.de/beratungsstellen | |
| تەلەفۆنی کۆمەک – توندوتیژی دژی ژنان<br>**Hilfetelefon Gewalt gegen Frauen**<br><br>(لێرە بە تایبەتی کۆمەک بە ژنان دەکرێت، ئەو ژنانە کە توندوتیژی دژیان دەکرێت یان لە توندوتیژی دەترسن – بە ٥١ زمان و شەو و ڕۆژ بەردەستە) | www.hilfetelefon.de | 08000 116016 |
| پاراستنی ساوا – منداڵ لە کردەی جیاکاری<br>**KiDs – Kinder vor Diskriminierung schützen**<br><br>(لە دۆخی جیاکاریدا لە باخچەی ساوایان و دایەنگە، دەتوانن لێرە کۆمەک بەدەست بخەن) | www.situationsansatz.de/kids.html | +49 (0) 30 695399904 |

| | | |
|---|---|---|
| بۆ – پەنابەران<br>**PRO ASYL**<br><br>(لێرە زانیاری گشتی سەبارەت بە بابەتی هەڵاتن و پەنابەری و هەروەها چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرێوەبەرێتی و دەزگاکانی دەوڵەتدا هەیە) | www.proasyl.de | +49 (0) 69 24231420 |
| پەلکەزێرینەی پەنابەران<br>**Rainbow Refugees**<br><br>(لێرە کەسانی نێر و مێی هاوڕەگەزباز، ڕەگەزگۆڕ و جووتڕەگەز دەتوانن پشتگیری بەدەستبخەن) | www.rainbow-refugees.de | |

**جیاکاری، توندوتیژی و تاوانی ڕک و کینە**
ئەگەر بەهۆی ڕەگەزپەرستییەوە، بەهۆی دژایەتی بەرانبەر بە کەمئەندامبوون، یان نەیاریی لە دژی هاوڕەگەزبازی یاخود هۆکاری ترەوە، ڕووبەڕووی هێرش و توندوتیژی بوونەوە، پێویستە پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن. کاری توندوتیژی سزادانی لە دوایە. لە گومانی تاوان و توندوتیژیدا هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە سکاڵا تۆمار بکات: لە لای پۆلیس، لە لای داواکاری گشتی یان لە لای دادگای هەرێمی.

جگە لەوە لە کۆمەڵێ لە هەرێمەکانی دەوڵەت نووسینگەی ڕاوێژکردن هەیە بۆ ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی و تاوانی ناڵەزانە دەبنەوە. لێرەدا ڕوانگەیەک سەبارەت بە بواری ڕاوێژکردن دەبینن، بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| یەکێتی فیدرالیی ڕاوێژکردنی گەڕۆک<br>*Bundesverband Mobile Beratung*<br><br>**http://www.bundesverband-mobile-beratung.de/kontakt/** | یەکێتی نووسینگەی ڕاوێژکردن بۆ قوربانیانی مافدار، ڕەگەزپەرستی و توندوتیژیی دژەسامی<br>*Verband der Beratungsstellen für Betroffene rechter, rassistischer und antisemitischer Gewalt*<br><br>**www.verband-brg.de/index.php/beratung-und-unterstuetzung**<br><br>+49 (0) 30 55574371 |

ئەم بەرهەمە بەشێکە لە کاری پەیوەندی گشتی سەر بە نووسینگەی دژە جیاکاری فیدرالی؛ بێ بەرانبەر دابەش دەکرێت و بۆ فرۆشتن نییە.

**وەشانکار:**
Antidiskriminierungsstelle des Bundes
11018 Berlin
www.antidiskriminierungsstelle.de

**پەیوەندی ڕاوێژکردن:**
Tel.: +49 (0) 30 18555-1865
(لە دووشەممەوە بۆ هەینی، کات ٩–١٢ و ١٣–١٥)

Fax: +49 (0) 30 18555-41865
E-Mail: **beratung@ads.bund.de**

کاتی سەردان پاش ڕێکەوتن دەبێت

**Zentrale:**
Tel.: +49 (0) 30 18555-1855
E-Mail: **poststelle@ads.bund.de**

**Gestaltung:** www.avitamin.de

**Stand:** mijdar 2016

**Bildnachweise:**
.istockphoto.com / Geber86 ;©istockphoto.com / Rawpixel Ltd©;
istockphoto.com / ;©istockphoto.com / Drazen Lovric©
fotolia.com / kagemusha ;monkeybusinessimages©